**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٨٧٤٤ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠**

پشت بەست بە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو ، و پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٤٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد :

**پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان**

**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە :-

**یەکەم: شەهیدی سەنگەر:** هەر کەسێک لەکاتی بەرخودانی چەکداریی وەک پێشمەرگەیەک یان خەباتی سیاسی یان لە دەر ئەنجامی هەردووکیان دژ بە ڕژێمە داپلۆسێنەرە یەک لەدوای یەکەکان وەک بەرگریکردنێک لە خاک و گەلی کوردستان ، شەهید بووبێت .

**دووەم: شەهیدی جینۆساید:** هەر کەسێک شەهید بووبێت لە ئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان جینۆسایدی بارزانییەکان یان کوردە فەیلییەکان یان هەر تاوانێکی تری ئەنجامدراو دژ بە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و سریان و ئاشورییەکان و ئەرمەنەکان و ئەوانی دیکە .

**سێیەم: شەهیدی هاوولاتی:** هەر کەسێک شەهید بووبێت لە ئەنجامی کارە جەنگییەکان یان کارە تیرۆرستییەکان یان کۆچپێکردنی بە زۆرە ملێ یان لەکاتی کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردستان یان کۆچپێکردنەکانی تر .

**چوارەم: خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراو:** هاوسەر یان هاوسەرەکان یان کوڕ و کچ و دایک و باوک و برا و خوشکی لە یەک دایک و باوک (أشقاء) و برا و خوشکی لە یەک دایک و باوک نا (غیر أشقاء) و هەر کەسێکی تر کە بە بڕیارێکی دادگەریی بسەلمێنێت کەوا کەسی شەهید یان ئەنفالکراو بەخێوی دەکرد یان ئەو بەخێوکەری شەهید یان ئەنفالکراوەکە بووبێت .

**ماددەی (٢)**

**یەکەم:** مینحەی (کەسوکاری شەهیدی سەنگەر) بە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار مانگانە دەست پێدەکات .

**دووەم**: پلەبەندی مینحەی (کەسوکاری شەهیدی سەنگەر) بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزیری دارایی و ئابووری بەهاوبەشی وەزیرە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت بەپێی تایبەتمەندی .

**سێیەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی جینۆسایدکراو) ئەوانەی لە (١) یەک تا (٣) سێ شەهیدیان هەیە بە (٤٥٠،٠٠٠)چوار سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە بۆ هەر خێزانێک دیاری دەکرێت .

**چوارەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی جینۆسایدکراو) ئەوانەی لە (٣) سێ شەهید زیاتریان هەیە بە (٩٠٠،٠٠٠) نۆ سەد هەزار دینار مانگانە بۆ هەر خێزانێک دیاری دەکرێت .

**پێنجەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی هاووڵاتی) بە (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە دیاری دەکرێت .

**شەشەم**: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی (دارایی و ئابووری ، تەندروستی) ڕێنماییەک دەردەکات بۆ دیاریکردنی مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی ، کەتیایدا ڕێژەی بەرکەوتنیان و مینحەکەیان دیاری دەکرێت .

**حەوتەم**: بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی ئەگەر بەکاریگەری بەرکەوتەییەکەی کۆچی دوایی بکات ، بە (شەهیدی جینۆساید) تۆمار دەکرێت .

**ماددەی (٣)**

**یەکەم**: شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، ئاسایش ، دژە تیرۆر) لەکاتی گواستنەوەی دۆسیەکانیان بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێی بڕوانامەی (دوا مووچە و دەرماڵە)یان شایستەی دارایی لەکاتی خزمەت بە کەسوکاریان دەدرێت ، و هەمان ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدی سەنگەریان دەبێت بەپێی یاسا بەرکارەکان .

**دووەم**: شەهیدانی تیرۆری فەرمانبەران وەک شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێن و دۆسیەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێی بڕوانامەی (دوا مووچە و دەرماڵە)یان شایستەی دارایی لەکاتی خزمەت بە کەسوکاریان دەدرێت .

**سێیەم:** بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (دووەم) و (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە ( ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان – عێراق) دەیانگرێتەوە ، لەکاتی کۆچی دواییان هەمان مووچەی پێشوو و ئیمتیازاتی شەهیدی سەنگەر دەدرێت بە کەسوکاریان تاوەکو دەرکردنی یاسایەی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پلە و ئیمتیازاتیان .

**چوارەم:** بۆ مەبەستی ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم ماددەیە ، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەتوانێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند ڕێنمایی پێویست دەربکات.

**ماددەی (٤)**

پێدانی بەخششی هاوسەرگیری تەنها بۆ یەکجار و بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠)یەک ملیۆن دینار بۆ کچ و کوری شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدکراو ، بەپێی بارودۆخی دارایی .

**ماددەی (٥)**

نابێت جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە پابەندیی دارایی لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاد بکات.

**ماددەی (٦)**

**یەکەم:** هەڵوەشانەوەی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە دیاریکردنی مووچەی شەهیدان .

**دووەم:** ئەم پەیڕەوە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم پەیڕەوە**

بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و یەکخستنی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.